# کۆمۆنیزم چارەسەر نیە، بەڵکو ناوی گرفتەکەیە

## گفتوگۆ لەگەڵ سلاڤۆی ژیژەک

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: بڕوا عەلادین**

**ئانجا ستێنباور: ئێ پرۆفیسۆر ژیژاک..**

**ژیژەک**: گەر دەتەوێت نەتکوژم ئەوا پێم مەڵێ پرۆفیسۆر. کە بە پرۆفیسۆر بانگ دەکرێم و دەڵێن: کوا پرۆفیسۆر؟ تەواو تووڕە و بێزاردەبم. من گرفتم لەگەڵ بەکارهێنانی نازناوە فەرمیەکان و زۆر شتی تریشدا هەیە. کە یەکێک بانگم دەکات پرۆفیسۆر، نەک شانازی پێوە ناکەم بەڵکو وەک چەشنێک لە گاڵتەجاڕی و پێڕابواردن وەریدەگرم..

**ئانجا ستێنباور: بەڵام ئەو ڕاستیە ناشاردرێتەوە ئەوەیە کە تۆ هەر فەیلەسوف نیت بەمانا ئاساییەکەی وشەکە، بەڵکو فەیلەسوفێکی بەناوبانگیشیت. ئایا ناوبانگ گرنگە؟**

**ژیژەک**: خۆی ناوبانگ چەمکێکی ڕێژەییە، وەک خۆیشت دەزانیت بە لای زۆربەی نەیار و دوژمنەکانمەوە من یا بەتەنها لێبوکێکم، یان ڕایان وایە کە لە پشتی سروشتە گاڵتەجاڕانەکەمەوە، کەسێکی پرۆتۆفاشیست یا ستالینیست و ئەو جۆرە شتانەم.

کەواتە ئەوەی کە پێی دەوترێت ناوبانگ هیچ نیە جگە لە ئامرازێک بۆ گۆشەگیرکردنم و قوڵنەبوونەوەیەکی ڕژدانە لەو کارانەم کە پێشکەشیان دەکەم. من خۆم بەڕاستی تەواو سەرسامم بە کتێبە شێتانەکەم (کەمتر لە هیچ) کە ژمارەی لاپەڕەکانی هاوتای قەبارەی ئینجیلی پیرۆزە، ئەمە جگە لەوەی کە کتێبێکی دیارە و چەندەها کۆپی زۆری لێ فرۆشراوە، هەموو ئەوانەیش ئومێدی ئەوەم پێ دەبەخشن کە لە نرخ و توانای خەڵکی کەمنەکەینەوە. بەو دواییانە چەندین خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە فشاریان کردە سەرم تا کتێبێکی خۆشی پڕفرۆش لەسەر دۆناڵد ترەمپ بنووسم، بەڵام بۆچی دەبێت من کتێبێکی لەو چەشنە بنووسم؟ پێم وانیە ترەمپ ئەوەندە جێی بایەخ و گرنگی بێت، بەڵکو گەمژەیەکی بێزارکەرە و جووەرەوە.

**ئانجا ستێنباور: هیچ نیگەران نیت لەوەی کە کتێبەکانت تەنها وەک جوانکاری لەسەر مێزی قاوەخواردنەوەکان دابنرێن؟ ئایا دەزانیت کە خەڵکی دەیانکڕن، بەڵام لە ڕاستیدا نایانخوێننەوە؟**

**ژیژەک:** بێگومان، بەڵام ئەوە تەنها کتێبی سەر مێزی قاوەخواردنەوەکان نین کە ناخوێندرێنەوە، تۆ بنۆڕە کتێبە پڕفرۆشەکان یا کتێبە کلاسیکیەکان، خەڵکی دەیانکڕن، لێ کەس نایانخوێنێتەوە.

با کتێبەکەی جۆن راوڵز (تیۆرەی دادپەروەری) بە نمونە بهێنینەوە. من خۆم چەندەها خەڵک لە نیۆرک دەناسم لە نیۆرک کە لەبارەی کتێبەکەی ڕاوڵزەوە، کتێبیان نووسیوە، کەچی کە بەتەنیا دانیشتووین یان لە دیدارەکاندا قسەمان کردووە، دانیان پێداناوە کە هەر نەیانخوێندۆتەوە. من هاوڕایانم و لێیان تێدەگەم کە دەکرێت شێوازەکەی ڕاوڵز پوخت و کورتبکرێتەوە بۆ ٥٠ لاپەڕە، بەبێئەوەی هیچ کاریگەرییەکی بۆ سەر ناوەرۆکی کتێبەکە هەبێت.

هەر ئەمەیش وام لێدەکات گومان لە خوێنەرانی هیگڵ بکەم، بەتایبەتی کتێبەکانی لەبارەی (لۆژیک) ەوە. من گوماندەکەم کە خەڵکی لۆژیکی هیگڵیان خوێندبێتەوە، ئەویش لەبەر یەک هۆکار، بە بڕوای من گەر نەیشیانخوێننەوە هیچ شتێکی گرنگیان لە دەستنەچووە.

کتێبێکی قەشەنگی دانەرێکی فەرەنسی (بیر بایارد) هەیە بەناونیشانی (چۆن قسە لەسەر ئەو کتێبانە دەکەیت کە نەتخوێندونەتەوە؟). دانەری کتێبەکە بە باشترین شێوازی فەرەنسی نەوەک بەتەنها پێکەنیناوی، مەسەلەکە زۆر بە ڕژدی وەردەگرێت. ئەو دەڵێت باشترین ئەو کتێبانەی کە دەربارەی نووسەرانی ترن، لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسراون کە خودی نووسەرە لەسەر

نووسراوەکەیان بەتەواوەتی نەخویندۆتەوە. ئەو دەڵێت: کاتێک لەسەر کتێبێک دەنووسیت کە نەتخوێندۆتەوە، دەبێت بەتەنها چاوت لەسەر یەک بەشی هەندەکی بێت، پاشان بهێڵیت ئەو تەنها بەشە هەندەکیە کۆی دیدی تۆ بۆ کتێبەکە ڕەنگرێژ و فۆرمەلەبکات. خۆی یەکێک لە ئایرۆنیە فەلسەفیەکانیش ئەوەیە کە بۆ پێشکەشکردنی شتێکی نوێ تەنها ڕێگەی گونجاو ئەوەیە کە گەر زۆرت لە بارەیەوە زانی ئەوا پێویست ناکات هەمووی بخوێنیتەوە، گەرنا خودی خوێندنەوەکە دەبێتە مایەی شڵەژاندن و شێواندنی ئەو ئایدیایانەی کە تۆ لەبارەیەوە دەیانزانیت.

**ئانجا ستێنباور: خەڵکی کتێبەکانت دەکڕن و نایانخوێننەوە، ئایا سەرباری ئەو نەخوێندنەوەیەیش، هەر پێتوایە کە ئەوە نیشانەیەکی باشی بایەخدانی ئەوانە بە فەلسەفە؟**

**ژیژەک**: بەڵێ، هیوای نهێنی من ئەوەیە کە چینێک لە خوێنەران هەن، لانیکەم ئەوانەی کە لەناو کتێبەکانمدا بەتەنها بۆ نوکتە ناگەڕێن.

پاش ئەو زنجیرە کتێبە فەلسەفیەی بەو دواییانە نووسیمن، بەتایبەتی لە هەموویان فەلسەفیتر کتێبی (گەڕانەوەی ڕەها) یە کە ئەگەر لە ژێر فشاری هەرەشەی مەرگدا لێم بپرسیت – ببورە کە وا دەڵێم – باشترین کتێبی خۆمی دەزانم، لەڕێگەی ئیمەیڵەوە چەندین نامەی کیناوی و ڕقئامێزم بۆ هاتووە. بۆ نمونە دەپرسن: ((کوا نوکتەکان؟)).

کەسانێک هەن پێیان وایە کە بەبێ ئەو نوکتە قەڵب و قۆڕانەی دەیانگێڕمەوە، من هیچ نیم جگە لە فەیلەسوفێکی ئاسایی و ترادشناڵ! خۆی تا ڕادەیەکیش ڕاستدەکەن، بەڕادەیەک کە من تەنانەت ژاک لاکانیش وەک ئامرازێکی توند بۆ سەرلەنوێ ڕاڤەکردنەوەی فەلسەفەی هیگڵ بەکاردەهێنم. گەورەترین ڕووداو لە مێژووی فەلسەفەدا گواستنەوە و پەڕینەوەیە لە کانتەوە بۆ هیگڵ.

**ئانجا ستێنباور: دەبێت فەلسەفە چی پێشکەشبکات یا لەمڕۆدا دەتوانێت چی پێشکەشبکات؟ ئەی ئایا هیگڵ نیشانە و خاڵێکی جیاکەرەوە و بایەخدار بوو؟**

**ژیژەک**: هەرگیز. ڕەنگە ئەمڕۆ کاتێکی گونجاو نەبێت بۆ گۆڕینی جیهان، بەڵام لەجیاتی ئەوە دەبێت هەنگاوێک بچینەوە بۆ دواوە و بیربکەینەوە. ئەوەی کە ئەمڕۆ پێویستمان پێیەتی گواستنەوەیە لە ماتەریالیزمی مارکسەوە بۆ ماتەریالیزمی هیگڵ، چونکە ماتەریالیزمی هیگڵ وردتر و تۆکمەترە.

دەزانیت ئەو هیگڵە کێیە کە من پێی سەرسامم؟ ئەو هیگڵەیە کە لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەناونیشانی (فەلسەفەی هەق) دەڵێت: (تا تاریکی دانەیەت، کونەپەپووی مینێرڤا نافڕێت). ئەم ڕستە سادەیە بۆچوونێکی هەڵەمان لەسەر هیگڵ وەک کەسێکی کۆنەپارێز لە (فەلسەفەی هەق) دا دەداتێ کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرگری لە پرۆتۆفاشیزم لەناو کۆمەڵگەدا دەکات. کاتێک هیگڵ دەنووسێت ناتوانین لە هیچ سیستمێکی مێژوویی دیاریکراو تێبگەین تەنها ئەو کاتە نەبێت کە کۆتاییدێت، ئایا پێت وایە هیگڵ ئەوەندە دەبەنگ بێت کە نەزانێت دەشێت هەمان وەسف بۆ کتێبەکەی خۆیشی (فەلسەفەی هەق) ڕاستبێت؟ هیگڵ وێنەی سیستمێک ناکێشێت تا وەک فۆرمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بیسەپێنێت، بەڵکو نیگاری دۆخێکی کۆمەڵایەتی دەنەخشێنێت پاش ئەوەی کە کات بە هۆشیاریەکی تەواوەوە تێپەڕاندووە. دۆخی ئەمڕۆی ئێمە زیاتر لە فەلسەفەی هیگڵ دەچێت تا مارکس. مارکس تائەندازەیەکی کەم – بە چەشنێک لە ئامانجگەریەوە – باوەڕی وا بوو کە دۆخی کۆمەڵایەتی ئێمە وەک پێویستیەکی یەکالاکەرەوە پێویستی بە شۆڕشێکی پرۆلیتاریە کە کاری سەرەکیەکەی بریتیە لە ڕیفۆرمکردنی تەواوی مرۆڤایەتی. لەبەرامبەریشدا دۆخی کۆمەڵایەتی لای هیگڵ هیچ نیە جگە لە ڕێچکەیەکی دوای شۆڕش. بۆ نمونە تۆ بڕوانە شۆڕشی فەرەنسی! هەرەسیهێنا، بەشێوەیەک لە شێوەکانیش گۆڕدرا بۆ شتێک دوور لە ڕاستیەوە، لێ هیگڵ هەستا بە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە و هەناردەکردنەوەی.

ئەو شێوە سەخت و دژوارانەی کە ئایدیاکانی هیگڵ دەیانخەنە ڕوو ئەوەیە کە نەچیت بڵێیت: شۆڕشی فەرەنسی هیچ نیە جگە لە ئاژاوە و قسەی قەڵبوقوڕ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە چۆن بتوانیت – بەچاوپۆشین لە ئەنجامە کارەساتبارەکانی شۆڕشەکەیش – هێشتا هەر وەک میراتێکی مێژووییانەی زیندووی مرۆیی، پارێزگاری لێبکەیت. من هەستدەکەم دۆخی ئێستامان هێشتا هەر تەواو هاوشێوەی ئەو قۆناغەیە: ئێ هەموو هەوڵەکانی سەدەی بیستەم بۆ ڕزگاربوون لە ڕادیکالیزمی سیاسییش، شکستیانهێنا.

دەبێت واز لە میتافۆرە مەجازیەکانی مارکسیزم بهێنین، بۆ نمونە ئەوەی کە دەڵێت: ئێمە شەمەندەفەری مێژووی مرۆیی دەهاژووین. مارکسیستەکان حەزیان بەوەیە وا بڵێن تەنانەت

گەر هاتوو دنیا تاریکیش بێت، چونکە ڕایان وایە لە کۆتا خاڵی تونێلەکەدا هەر ڕۆشنایی دەبینن. منیش بە کەمێک گاڵتەجاڕیەوە دەڵێم: ((بەڵێ، لەوسەرەی تونێلەکەوە ڕۆشناییەک دەبینین، لێ هی شەمەندەفەرێکی ترە کە بەرەو ڕوومان دێت)).

کەواتە ئەوە دۆخی ژیانی ئێمەیە لە مرۆدا، هیگڵیش دەیزانێت. دۆخی ئێمە ئاشکرا و دیارە: ناتوانین کار بۆ هیچ پلانێک بکەین کە ئامانجی گۆڕینی جیهانە.

**ئانجا ستێنباور: بەڵام ڕۆشنایی مانایەکی مەجازی هەیە و ڕەنگە هەر مانایەکی تر بگەیەنێت، خۆ مەرج نیە بەتەنها مەبەست لێی شەمەندەفەرێکی تر بێت. ئایا ناشێت ڕۆشنایی خۆی کۆتایی تونێلەکە بێت؟**

**ژیژەک**: بەڵێ، هەر لەبەر ئەو هۆکارەیشە کە دەبێت واز لە وەهم و هیوا ساختەکانمان بهێنین. تەنانەت خودی باڵی چەپی ئەمرۆیش کە بەزۆری چەپی فۆکۆیامایین، باوەڕیان وایە کە لیبرالیزمی دیموکراتی و بەشێک لە سەرمایەداری تەنها یاریزانی سەرەکین لە جیهاندا، ئەوان هەوڵدەدەن چەپ لەو ڕیگەیەوە باشتر بکەن، بەوەی کە تۆزێک زیاتر بایەخ بە کۆدەنگی کۆمەڵایەتی و گەرانتی پزیشکی یا هاوسەرگیریی هاوڕەگەزەکان.. وهتد، بدەن.

وەڵامی منیش بۆ فۆکۆیاما ئەوەیە: گریمان تۆ ڕاستدەکەیت و سەرمایەداری سەرکەوت و جەنگەکەی بردەوە، ئایا بەلاتەوە مایەی گاڵتەجاڕی نیە کە هەر هەموو سەرکردەکانی ئەمرۆی سەرمایەداریی جیهانی، ئەو کۆمۆنیستانەن کە خاوەنهێزن و دەسەڵاتیان هەیە؟ دەبێت هەمووان لەسەر ئەوە کۆکبین کە بەڕێوەبردنی دنیا و چارەسەرکردنی گرفتەکان بەو شێوەیەی کە لە سەدەی بیستەمدا باو بوو، کۆتاییهاتووە.

**ئانجا ستێنباور: پێت وا نیە کە ئەمە بەرەو گرفت و کێشەی زاراوەمان ببات؟ کاتێک دەڵێیت ((سەرمایەداری لەلایەن کۆمۆنیستە بەهێزەکانەوە بەڕێوەدەبرێت))، مەبەستت لە سەرمایەداری چیە؟ سەرمایەداری فرە فۆرمە و خاوەنی چەندین داڕشتەی جۆراوجۆرە، سەبارەت بەو کۆمۆنیستانەیشی کە سەرمایەداری بەڕێوەدەبەن، با خۆشیان وا بڵێن، بە دڵنیاییەوە کۆمۆنیست نین.**

**ژیژەک**: بەڕای تۆ من تا چ ڕادەیەک سەر بە کۆمۆنیزمم؟ تا ئاستێکی زۆر دیاریکراو.

ئایا هەموومان لە مرۆدا بینەر و شاهێدی جۆرێک لە ئایرۆنی/گاڵتەجاڕیی گەورە نین؟ ئەوەی لە چەپ ماوەتەوە ناتوانێت نمونەیەکی جیهانی و ئەڵتەرناتڤێکی گونجاومان پێشکەشبکات. من خۆم لە یادمە کە بەشێک بووم لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەی کە دروشمەکەی بریتی بوو لە (ۆڵ ستریت داگیربکەن)، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکانی نیۆرکدا بووم، من خۆم هەندێک پرسیاری زۆر گێل و گەمژانەم لە خەڵکەکە دەکرد، بۆ نمونە: ((ئامانجتان چیە و دەتانەوێت بە چی بگەن؟)). بێگومان یەک وەڵامیان نەدامەوە، پێیشم وایە ئەوان خۆیان نەیاندەزانی کە چییان دەوێت. چەپی ئەمڕۆ بەهۆی زیادەڕەویکردنیانەوە لەوەدا کە تەنها چاویان بڕیوەتە ئەوەی داخۆ چ شتێکی سیاسی دروستە و ڕاست، پتر بەرەو چەشنێک لە ئاکاری کۆمەڵایەتی ملیانگرتۆتە بەر.

خۆی گرفتەکە لەوانەدایە کە ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنن، چونکە نازانن داوای چی دەکەن و چییان دەوێت، هەر بۆیە بێ بوونی هیچ ئامانجێکی ڕوون ملیان پێوەناوە و کوێرانە دوای شەپۆلەکە کەوتوون. لە لایەکی تریشەوە، ئایا هەموو نیشانەکانی دەوروبەرمان ئەوەمان پی ناڵێن کە ئەو سەرمایەداریەی ئێمە دەیناسین، لە کۆتاییەکەی خۆی نزیکبۆتەوە؟ تۆ بنۆڕە گرفتی ئیکۆلۆژی (ژینگە)، ئاشکرایە کە سەرمایەداری نەیتوانیوە بە دانانی ئەو هەموو باجە و داڕشتنی ئەو هەموو یاسا توندانەیشەوە، هیچ چارەسەرێک بۆ ئەو قەیرانە بدۆزێتەوە. بنۆڕە سەرمایەداریی خەیاڵی کە چۆن خەڵکی ریکلامی بۆ دەکەن. ئەمە جگە لەوەی کە لەم لایشەوە گرفتی کۆچبەرانت هەیە. گەر لە من بپرسیت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ڕام وایە کە سەرمایەداری دەرمێت. لە کاتی ڕوودانی کارەساتە گەورەکانیشدا پێویستمان بە چارەسەری گەورەتر هەیە تا بتوانن قووتیان بدەن و نەهێڵن پەلبهاون و تەشەنە بکەن.

تۆ بنۆڕە گرفتی جینە زیندووەکان کە دەشێت گۆڕان لە بوونی مرۆڤی زیندەدا بکەن، دەتوانن مێشکمان ببەست بە ئامێرێکی کۆمپیوتەرەوە. دەرەنجامە خەمناکەکەی ئەمەش چی دەبێت بە ڕای تۆ، تاکە دەرنجامێک کە من بەبەردەوامی سڵمڵێکردۆتەوە و ئێستایش لێی دەترسم: نمونەی دەوڵەتی ئیدیاڵە، دەوڵەتێکی کراوە بە ڕووی بازاڕی جیهانیدا، لێ هاوکاتیش لەسەر بنەمای چەقبەستنی ئێتنی دامەزراوە، بەوەی کە تەنها چاوی لەسەر کولتورەکەی خۆیەتی، ئەمە ئەو شتەیە کە ترامپ و هەموو فەرمانڕەوا دیکاتۆرەکان دەیکەن، چیین دەیکات و هیند دەیکات، تەنانەت پۆتینیش هەمان گەمە دەکات. جیهان هەمووی ڕووەو یەک ڕەوتی نوێی جیهانی دەڕوات، ئەوەیش بەوەی کە بەسەر بازاڕی جیهانیدا بکرێیتەوە و لەولایشەوە وەک بنەمایەکی

سەرەکی بەسەر خۆتدا دابخرێیت و ئەوی تر قبوڵنەکەیت، بەڕاستی مایەی خەم و پەژارەیەکی زۆرە.

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەت: بۆچی کۆمۆنیزم؟ هەستدەکەم هەموو ئەو گرفتانەی کە باسمکردن دواجار وەک ئەو شتە وان کە کارل مارکس بە گشتگەل ناویاندەبات، بە مانای بوونی هەندێک بەشی گشتی و هاوبەش لە نێوان هەمووواندا کە تایبەتیناکرێنەوە و بخرێنە بازاڕەوە. زانستی ژینگە (ئیکۆلۆژی) بەشێکە لە ژیانی هاوبەشی سروشتیمان، تا چەند دەتوانین ریسک و گەمەی پێوەبکەین؟ بۆ نمونە خاوەندارێتی هزرییش کە یەکێکە لە گرفتە گشتگەلەکانمان، هەروەها گرفتەکانت چینە زینددوەکان. هەربۆیە من بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە دایدەرێژمەوە و دەڵێم: ((ئەمڕۆ کۆمۆنیزم چارەسەر نیە، بەڵکو ناوی گرفتەکەیە)). دەبێت بتوانین چارەسەرێک بدۆزینەوە کە لە ئاست قوڵیی گرفتەکانماندا بێت، واتە لە دەرەوەی داخوازیەکانی پەیوەندیەکانی بازاڕی گشتی مامەڵەی شتە گشتی و گشتگەلەکانمان بکەین.

(پیتەر زلۆتەردایک) ی هاوڕێیشم لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی ((لە سەدەی بیستەمدا چی ڕوویدا؟))، هەر بە هەمان دەرەنجام گەیشتووە کە بریتیە لە کۆتاییهاتنی سەردەمی ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالیستیانەی باڵاترین بەهای ئاکاریان لەسەر ئەو بنەمایە دروستبووە کە دەڵێت: ((ئامادەیت لە پێناوی نیشتمانەکەتدا خۆت بە کوشتبدەیت؟)). ئێمە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانمان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، دەبێت لە سنوورەکانی نیشتمانیبوون دەربچین، بۆ نمونە کێشەی جینە زیندووەکان . هەر بۆیە پێویستمان بە نمونەگەلێکی تری کارا و ئەکتڤی ڕووبەڕوبوونەوەیەی و ناسیۆنالیزم یا نیشتمانیبوون هیچمان بۆ ناکەن.

سەربارى ئەوەی کە من مارکسیستێکی باشم، بەڵام هێشتا ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بەتەواوەتی دژی سەرمایەداری بم، چونکە بۆخۆی دینامیکیترین سیستمە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەمە جگە لەوەی کە بۆ دژایەتیکردنی سەرمایەداریی جیهانی، من بەتەواوەتی ڕەتیدەکەمەوە کە پشت بە چەمکە کۆنە باو و سوواوەکان ببەستین، نەک هەر ئەوەیش، بەڵکو دەبێت بەو پەڕی هێز و توانامانەوە دژایەتییان بکەین، بێگومان ئەویش لەڕێ و بەهۆی ئەو چەمکە تایبەتیانەی خۆمانەوە کە زادەی بینین و دیدێکی نوێن بۆ جیهان. زۆر بە کورتی، ئەم خاڵە زۆر گرنگە و دەمەوێت بڵێم: دەبێت لە ڕێگەی پراکسیسکردن و ژیاندنی سەرمایەداریەوە بتوانین خودی سەرمایەداری تێبپەڕێنین و بەجێی بهێڵین. دیارە من ناڵێم داوای یۆتۆپیای <جیهانێکی ئایدیاڵتر> یان لەوە زیاتریش دەکەم، تەنها ئەوە نەبێت کە ڕام وایە زۆر ئاشکرایە کە

سەرمایەداریی لە قەیرانێکی زۆر گەورە نزیکدەبێتەوە و هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشە گشتیەکانمانی نەماوە، هەر لە گرفتی ئیکۆلۆگیا و ژینگەوە بیگرە تاوەکو دەیان قەیرانی تریش.

وەک دەبینیت، ئالێرەدا من تا ڕادەیەکی زۆر ڕەشبینم، بەو مانایەی کە سەرمایەداری ناتوانێت بە هۆ و لە ڕێی چەمکە تایبەتیەکانی خۆیەوە گرفتەکانمان چارەسەربکات. بەڵام ترسی خەڵکییش لەوەی کە هۆکاری سەرەکی نەبوونی دەرفەتی کار و بەتاڵە بریتین لە جیهانگیری، بەلای منەوە ترسێکی کەمهزر و ناڕاشناڵانەیە. من دەڵێم: بە پێچەوانەوە، باشترین بژاردەیەک کە دەستمان کەوتبێت بریتیە لەوەی کە بەبۆنەی جیهانگیرییەوە تووشی بێکاری هاتووین. کەسیش ناڵێت: <شتێکی چاکە! چیتر لەمەودوا کەمتر ئیشدەکەین>، بەڵام ئەوەیشت بیرنەچێت کە هەمیشە یەکەم کاردانەوە و گریمانەی خۆوەکیانە بۆ بێکاری بریتی بووە لەوەی کە: بێکاری کارەساتە.

**ئانجا ستێنباور:** ئەی ئەرکی سەر شانی فەیلەسوف چیە؟ ئایا لەبنەڕەتدا زیاتر خۆت بە تیۆریست دەزانیت؟ چونکە پێشتر باسی چالاکیەکانی خۆیشت وەک ئاکتڤیستێک کرد. ئایا بەڕای تۆ هیچ پەیوەندیەک لە نێوانی تیۆرە و پراکتیکدا هەیە؟

**ژیژەک:** بەڵێ، تۆ بۆئەوەی بزانیت کە ئاکتیزم شکستیهێناوە، پێویستت بە تیۆرەیە. زۆر بەتایبەتی مەبەستم لە تیۆرەی باڵی چەپی سیاسیە. تۆ خۆت بڕوانە و بپرسە: ئایا تەواوی چیرۆکی چەپ لە سەدەی بیستەمدا بریتی نیە لە مێژوویەک کە سەرتاپای شکستی کارەساتبار؟ هەربۆیە ڕام وایە کە باشترین کتێبە مارکسیەکان لەسەر ئەو بنەمایە ڕاڤەکراون کە بۆچی ئەو شۆڕشانە شکستیان هێناوە و پێچەوانەی خواستەکانیان دەرچوون؟ ئەی ئەوە مایەی پەژارە نیە کە دەبینیت زۆربەی شیکاری و ڕاڤەکردنەکانمان بۆ ئەوەیە کە بزانین بۆچی شکستمان هنا و سەرکەوتوو نەبووین؟ ئەی بۆچی فەلسەفە؟ سەرەتا دەمەوێت بڵێم کە من باوەڕم تەنها بە پراکتیک نیە، پراکتیک بەبێ تیۆرە کوێر و نابینایەک زیاتر نیە. ئێمە لەمڕۆدا لەهەر کاتێکی تر زیاتر پێویستمان بە تیۆرەیە، بەڵام دیارە کە دەڵێم تیۆرە، مەبەستم لە تیۆرەی ئاکتیڤیستی ڕاستەوخۆ نیە.

**ئانجا ستێنباور: ئەمە مانای وایە کە پراکتیک لە ڕووی تیۆریەوە دەکرێت؟**

**ژیژەک**: کەمێک شەرمنانەیشە، بەڵام با لێرەدا زۆر خاکییانە بدوێم: من بەدگومانم لەوەی کە فەیلەسوفەکان بتوانن بەرنامەیەکی سیاسیی نوێ پێشکەشبکەن. هەر بۆیە ئەو قسەیەی (دولوز) دەکەمەوە کە دەڵێت: لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدەیت وەڵامی درووست بدەیتەوە، هەوڵبدە پرسیاری درووست بکەیت. خۆی سوودی فەلسەفەیش ئا لێرەدایە و دەکرێت بەکەڵکمان بێت. ئێمە لەمرۆدا بەدەست گرفتی زۆر مەترسیدارەوە دەناڵێنین، بەڵام چی دەبێت گەر ئاستی ئەو ڕێچکە و بیرکردنەوانەمان شیکارکرد کە گوایە چارەسەرێک بوون بۆ گرفتەکانمان لەکاتێکدا نەک نەیانتوانی چارەسەری بکەن، بەڵکو بەرهەمیانهێنانەوە.

**ئانجا ستێنباور: پێشتر ئاماژەت بە بوونی درووستیی سیاسەت دا (ئەو شتەی کە لە سیاسەتدا درووستە)، ئایا بەڕای تۆ ئەوە گرفتە؟**

**ژیژەک**: من کەمێک بە گومانم لەبوونی ئەو شتەی کە پێیدەڵێن درووستیی سیاسی.

بێگومان من تەبام لەگەڵ ئامانجەکانی بوونی سیاسەتێکی درووستدا و کۆکم لەوەی کە دژی سووکایەتیپێکردنە و نەچەوساندنەوە، هەروەها باوەڕیشم بە توانای بەرەنگاربوونەوەی هەیە لە بەرامبەر هێزە کۆمەڵایەتیەکاندا. بەڵام تۆ هەر خۆت بیر لە کەسایەتی و کارەکتەری ئەو بوونەوەرە زیندووە بکەرەوە کە بڕوای بە بوونی شتێکی درووست لە سیاسەتدا هەیە، لە چ دۆخێکدایە؟ بەردەوام لەنێوان چێژێکی چڵێس و نەخۆشانەدایە بۆ ئازاردان و نێوانی زیادکردنی قوربانیەکانی، بەئەندازەیەک کە هەمووماں تیایدا لەژێر هەڕەشەداین. هەر دوور نەڕۆین گەر ئێستا بۆ ماوەی دوو چرکە سەیری چاوی تۆ بکەم، ڕەنگە بە زیادی بزانیت و بڵێیت ئەوە بە چاوەکانی ڕووتوقووتم دەکاتەوە، بەم مانایەیش من وەک لاقەکارێک بە چاو، تاوانباردەکرێم. بەهامن شێوەیس لە پشت هەر درووستیەکی سیاسییەوە سەیرکردن و دیدێکی خەمناک هەیە کە دەشێت هەر هەموومنا قوربانیی دەستی ئەو بین.

**ئانجا ستێنباور: ئایا کۆی درووستیی سیاسی بریتی نیە لە ڕێکخستن و دیسپلینکردنی زمان، ئەمەش بەو مانایەی کە بتوانین بێژە و گوزارەکان بەشێوەیەکی سیکتر و جوانتر بهێنین تا گوزارشت لە خۆمان بکەین، بەچاوپۆشین لەوەی کە لەناوەوە چەند ڕەگەزپەرست و دەمارگیرین؟**

**ژیژەک**: بەڵام پراکسیسکردنی لە واقیعدا شکستیهێنا. باشترین هەنگاو بۆئەوەی کە ڕەگەزپەرست نەبین ئەوە نیە کە زمانمان بگۆڕین، بەڵکو بریتیە لەبەکارهێنانی هەمان زمان بەڵام بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانەی نارەگەزپەرستانە. گەرچی من ڕام وایە کە مەحاڵە بەبێ بوونی جۆرێک لە توانج، دەمپیسی و گەپجاڕیی، بتوانین لە پەیوەندی و کۆمۆنیکاسیۆندا بین لەگەڵ یەکتریدا.

**ئانجا ستێنباور: بەڕاست تۆ پێت وایە کە هەر بەڕاستی هیچ شۆڕشێکی سیاسی لە ئارادا نیە کە بە باسی و توندوتۆڵی نەخشەی بۆ دانرابێت و کۆنترۆڵکرابێت؟**

**ژیژەک**: بەڵێ، ئەوە بەتەنها قسەی من نیە و لە بنەڕەتدا دیدێکی هیگلیانەیە، لە مێژوودا هیچ شۆڕشێک نابینیت کە بەشێوەیەکی باش بەرنامەڕێژی و نەخشەسازی بۆ کرابێت. مارکس دەیووت شۆڕشی پرۆلیتاریا کردەیەکە بەتەنها ئەو کەسانە بە ڕوونی تێیدەگەن کە پێیهەڵدەستن و خەون و خواستەکانیان دەهێنێتە دی. بەڵام لەقۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوودا بینیمان کە چینی کرێکاران زۆر بە باشی لەو بابەت و خواستانە شارەزابوون کە دەیانویست بەدیبهێنن، شۆڕشیشیان بەرپاکرد، بەڵام دەرەنجامەکەی ئەوە بوو کە تۆکمە و پلان بۆ داڕێژراو نەبوو، ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە کۆمەڵگە نەدەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ڕێک کەوتینەوە ناو هەمان دیالەکتیکی مێژوویی کە پێشتر لە قۆناغێکی تری مێژوودا، تێی کەوتبووین.

من له کتێبە تازەکەمدا بەناونیشانی (ئارەزووکردنی بەتاڵیی: بۆشایی نێوان کەوانەکانی فەلسەفەی ئابووری)[1]، هەوڵمداوە لە تێکڕای ئاستەکانی مەرگ لە سیستمە کۆمۆنیستیەکاندا بکۆڵمەوە. من بەتەنها دژایەتی ڕاستودرووستی و بێگەردی شۆڕشەکان ناکەم، بەڵکو بەتەواوەتی لە دژی ئەو دید و بۆچوونەیش دەجەنگم کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ناو کۆمەڵگە کۆمۆنیستیەکاندا بۆتە مایەی ستایشکردن و شکۆداردەکرێت. ئەوە ڕای منە و بەتەنها قسەیەکە، کێ ناڵێت پێچەوانەکەیشی ڕاست نیە؟ بەڵام ڕەنگە دۆخەکان لەوە خراپتریش بن کە هەن. ئێمە بۆئەوەی خەڵەتێنەرانە مارکسیزم نەکەین بە ستریۆتایپێک، دەبێت جارێ لە زاراوەی (چریی مێژوویی) تێبگەین. کورت و پوخت دەمەوێت بڵێم: گەر هەموو یاسا کۆمەڵایەتیەکان بەدەست نەبوونی ڕوونی و شەفافیەتەوە بناڵێنن، ئەوکات کۆمەڵگەیەکی تازە لەدایکدەبێت ڕێک هاوشێوەی ئەو ناڕوونی و ناشەفافیەتەی کە باسمانکرد: واتە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەیەک کە لەبنەڕەتدا خۆیشی نازانێت چی لەهەگبەیدایە تا پێشکەشمانی بکات.

**ئانجا ستێنباور: ویستم بزانم ئایا دەکرێت لەمڕۆدا بەتەنیا یەک پرسیاری فەلسەفیمان هەبێت کە لە هەموو ئەوانی تر بەرچاوتر و بەرجەستەتر بێت؟**

**ژیژەک**: دەشێت پرسیارێک دەربارەی ڕووکاری دەرەوە و ڕووکەشیی شتەکان دابڕێژین کە بێگومان شتێکی نامۆ نیە و تەنانەت (کانت) یش زۆر گفتوگۆی لەبارەیەوە کردووە، پرسیاری ئەوەی کە: (ئایا هەموو ئەو شتانەی کە لەچواردەورمانن سنووری ڕووکەش و ڕووکاری دەرەوەمان دەستنیشاندەکەن؟ ئایا دەکرێت ڕووکەشی دەرەوە تێبپەڕێنین و کرۆک خۆی چۆنە لە واقیعدا، وەک خۆی بەریبکەوین و دەستی تێوە بدەین؟)، لە بەرامبەریشدا مەزنیی (هیگڵ) لەوەدایە کە ڕێک پێچەوانە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکات کاتێک کە دەڵێت: (ئایا کرۆک چۆن وەک ئەوەی کە لە واقیعدا هەیە، دەردەکەوێت؟)، چونکە خودی ڕووکاری دەرەوە بۆخۆی جۆرە بۆشاییەکی تۆقێنەر و ترسناکە. شتەکان بە تەنها ڕووکاری دەرەوە نین، بەڵکو ئەوەن کە بۆ خۆیان دیار و دەردەخەن. من کەسێکی تەواو هیگڵییم، باوەڕم بە یەکێتی نێوان

[1] Incontinence of the Void: Economico-Philosophical Spandrels

ڕووکەش و کرۆکە، واتە باوەڕم بەبوونی بە نزمترین ئاستی بوونی ئاڵوگۆڕێکی تەواو پێچەوانەییشە لەنێوان ڕووکەش و ڕەهای گشتییدا.

وەک خۆیشم لە فیزیای چەندێتیەوە فێربووم کە ڕووکەش واتە ماتەریاڵێک کە دەتوانیت بەپێی ئاستی دیار و دەرکەوتنی، قەبارەکەی بپێویت، دەرکەوتن ڕەنگدانەوەی ماهیەت - کرۆکی- شتێک.

**ئانجا ستێنباور: وا بەرەو کۆتایی چاوپێکەوتنەکەمان دەچین. ڕەنگە خوێنەرانمان حەزبکەن بزانن لە ناو هەموو ئەو کتێبانەتدا کە نووسیوتن، بەلاتەوە گرنگە کامەیان بخوێنینەوە؟**

**ژیژەک**: لەناو کتێبەکانی خۆمدا پێم وایە کتێبی (ڕووداو: فەلسەفەی پەرینەوە) زۆر گرنگە، گەر وزە و تینی تەواویشت تێدایە، ئەوا پێشنیاردەکەم (بەخۆداشکانەوەی ڕەها) بخوێنیتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە بەلای منە وە سێ فەیلەسوفی مەزن هەن کە خوێندنەوەیان زۆر گرنگە: پلاتۆ، دیکارت و هیگڵ. بۆچی؟ چونکە هەریەکە لەوانە فەلسەفەیەکی بەرهەمهێناوە و پێشکەشکردوە کە بۆ نەوەکانی پاش خۆی ماوەتەوە، یان وەک ئەلفرێد نۆرس وایتهد وتویەتی: ((مەگەر کۆی مێژووی فەلسەفە بریتی نیە لە مێژووی ڕەخنەکردنی پلاتۆ؟)). دیارە دوای ئەو دیکارت دێت، چونکە هەمووان دەخوازن لە دەست دیکارت ڕزگاریان بێت و لێی دەرباز بن. لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا هەر هەموویان خوازیاربوون کە لە هیگڵ ڕزگاریان بێت. ئەو سێ فەیلەسوفە بەلای منەوە زۆر گرنگن: ئەوانە فەیلەسوفەکانی ڕووداون.

سەرچاوە: گۆڤاری (philosophynow)، ژمارە ١٢٢، ساڵی ٢٠١٧.